# دڵەراوکێی ئەکتەری شانۆ لە کاتی نواندندا

یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە زۆرێك لە هونەرمەندان (ئەکتەر، گۆرانیبێژ، پێشکەشکار و...هتد) ڕووبەڕووی دەبنەوە، بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بینەر، هەرچەند خاوەن ئەزموونێکی زۆریش بن، یان مێژوویەکی هونەرییشیان هەبێت. بەڵام ئەم جۆرە ترس و دڵەڕاوکێیە کارێکی سرووشتییە، چونکە وەستان ڕووبەڕووی جەماوەر کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی لەسەر شانۆ، کاتێ ئەکتەر بە شێوەیەکی زیندوو ڕاستەوخۆ دیالۆگ، یان جووڵە لەگەڵ بینەران دەکەن، هۆکارەکەشی بۆ هەیبەت و مەزنیی شانۆ دەگەڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش توانستی ئەکتەر ڕۆڵ دەبینێت بۆ دەربازبوون لەو دڵەراوکییە لە کاتی نواندندا، ئەگەرچی زۆر یێك لە پسپۆڕانی شانۆ ترس و دڵەڕاوکێ لەلای ئەکتەران لە سەرەتای دەستپێکردنی نواندن بە ئاسایی دەزانن بۆ ئەوەی نواندنەکە سەرکەوتوو بێت. ئەکتەرە مەزنەکان کە هەموو ژیانیان لەسەر شانۆ بووە هەردەم دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە (٥-١٠) خوولەکی سەرەتای نمایش تووشی جۆرێك لە ترس و دڵەراوکێ دەبن و ئەوەش بە کارێکی نۆرماڵ دەزانن.

### دڵەڕاوکێی شانۆ چییە؟

ئەو کاتەی ئەکتەر دیالۆگێك، یان جووڵەیەکی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە بینەران دەکات، ئەو حاڵەتە پێی دەگوترێت (دڵەڕاوکێی سات) لەو کاتەی ئەکتەر لە هەموو نمایشێکدا کە سەرەتا پێ دەنێتە سەرشانۆ جۆرێك ترس و دڵەڕاوکێ و تەنگ نەفەسیی لا دروست دەبێت، لە ڕاستییدا دڵەڕاوکێ بە پلەیەکی مامناوەندە و پێویستە بۆ ئەو ئەکتەرانەی کە لەسەر شانۆ دەوستن و پسپۆڕانیش بە دڵەڕاوکێیەکی تەندروست ناوی دەبن، هەر بۆیە هەموو دڵەڕاوکێیەکی شانۆیی نابێتە هۆی نالەباریی کەسایەتییەکە و کاریگەریی نەرێنیی لە سەر نواندنەکەی نابێت، بە تایبەتی کاتێ دڵەڕاوکێکە بۆ چەند چرکەیەکی دیارکراو بێت، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لە دڵەڕاوکێی شانۆ ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەکتەرە نەتوانێت دیالۆگ و جووڵە و نواندنەکەی وەك پێویست ئەنجام بدات، بە جۆرێك هەموو شتێکی لە بیر بچێتەوە و کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ڕۆڵەکەی و بگرە لەسەر کۆی نمایشەکە دەبێت.

نەك هەر کەسی ئاسایی زۆر یێك لە ئەکتەران خاوەن بەهرەو توانستی زۆر باشن، بەڵام ئەو گرەکێوریان هەیە (دڵەڕاوکێی شانۆ ) ناتوانن ئەو پەیامەی هەیانە بیگەیێننە بینەران، ئەمەش زیاتر بۆ ترس و شەرم دەگەڕێتەوە.

### نیشانەکانی دڵەڕاوکێی شانۆ لای ئەکتەران:


هەندێك ئەکتەر لە ڕۆژانی پرۆڤەدا، بەتایبەتی لە جەنراڵپرۆڤەدا لە ڕووی دیالۆگ و جووڵە و دەنگ باشترین نواندن ئەنجام دەدەن، کەچی لە ڕۆژی نمایشدا لە ئاستێکی باشدا نین، بێگومان فاکتەر زۆرن و یەکێك لەو فاکتەرانەش بۆ دڵەڕاوکێی شانۆ دەگەڕێتەوە، ئەویش بە هۆی بیرکردنەوە لە بینەرانە بە جۆرێك کە ئەو ئەکتەرانەی تووشی ئەم حاڵەتە دەبن، لەکاتی نواندنەکەیاندا بینەر هیچ لە وشەکانیان حاڵی نابێت، لە هەمان کاتدا گرژیی دەموچاو و ئارەقەی شەرم و ترس بە ڕوونی بە دەموچاویانەوە بەدیار دەکەوێت، نەك ئارەقەی ماندووبوونی نواندن.

### ئەکتەر چۆن بەسەر دڵەڕاوکێی شانۆدا زاڵ دەبێت؟

زۆر جار لە کاتی نواندن ئەکتەر تووشی ترس و دڵەڕاوکێ شانۆ دەبێت، بۆ دەربازبوون و زاڵبوون بەسەر ئەم حاڵەتەدا چەند ڕێگایەکی زۆر ئاسان هەیە کە بە هۆی ڕاهێنان لەسەر جەستە و مێشك دەبێت و بە چەند هەنگاوێك ئەکتەر دەتوانێ لەو دڵەڕاوکێیە ڕزگاری ببێت، لێرەدا باس لە هەنگاوانە دەکەین:

١-خاوکردنەوەی جەستە: پێش دەرچوونت بۆ سەر شانۆ هەوڵبدە هێمنی و ئارامیی خۆت بپارێزیت لەگەڵ کەمکردنەوەی گرژییەکانت، چونکە ئەمانە هاوکارت دەبن بۆ خاوبوونەوەی مێشك و لە هەمان کاتدا دەنگ جێگیر بێت، ئینجا ڕاهێنانێك لەسەر ئەو دەق، یان ئەو دیلۆگانە بکە کە لەسەر شانۆ دەیڵێت، چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەوەی جەستەت خاو بێتەوە پێش ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ دەربکەویت:

- کەمێك پرۆڤەی دەنگت بکە.
- پێش نواندت مۆزێك بخۆ بۆ ئەوەی گەدەت خاڵی نەبێت، لە هەمان کاتدا هەست ناکەیت کە گەدەت پڕە.
- وەرزشی ناو دەم بکە بۆ ئەوەی دەرچوونی وشە و پیتەکان دروست بێت، بە تایبەتی شەویلگەی خوارەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بنێشت جووین، یان ڕاهێنانی زمان دەبێت بەڵام ئاگاداربە نابێت گەدەت خاڵی بێت.
- وەرزشێکی شانۆیی بۆ ماسولکەکانت ئەنجام بدە، بۆ ئەوەی لە ترس و دڵەڕاوکێ ڕزگار بیت و تووشی



کامەران حاجی ئەلیاس

گرژیی ماسولکە نەبیت، بەتایبەتی هەردوو دەستەکانت و قاچەکان و پشت و شانەکان.

٢- خەیاڵ و بیرکردنەوە: ماوەی ١٥-٢٠ خولەك لە کاتی خۆت بۆ بیرکردنەوە لە نواندنەکەت بەتایبەتی بۆ دیالۆگەکانت و بەگشتی بۆ نمایشەکە تەرخان بکە، بۆ ئەم مەبەستە لە شوێنێکی هێمن و ئارام دابنیشە و هەردوو چاوت دابخە و دەست بە هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە بکە، بە شێوەیەك کە هەموو جەستەت خاو بێتەوە، پاشان ئەم دوو خاڵانەی خوارە ئەنجام بدە:

- لە سەر زەوی راکشێ و هەردوو دەستت لە سەر رانەکانت دابنێ.

- هەوڵدە بگەیتە قۆناغێك کە بیر لە هیچ شتێك نەکەیتەوە، بەتایبەتی بیر لە رۆڵەکەشت نەکەیتەوە، تەنیا بیر لە خاوبوونەوەی جەستەت بکە.

٣-دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی چاو و قاوە: هەر چەند هۆگر و ئالوودە بیت لە رۆژی نمایش بە هەموو شێوەیەك لە خواردنەوەی چا و قاوە دووربکەوە، چونکە هەرچەندە لەوانەیە خواردنەوەیان ببێتە هۆی زیتەڵ و خێرایی، بەڵام لە راستیدا گرژی و دەمارگیریش زیاد دەکات.

٤-کاتێك بۆ کۆتاییهێنان بە حاڵەتی دڵەڕاوکێی خۆت دیار بکە: لە رۆژی نمایش پەیمانێك لەگەڵ خۆت ببەستە لە کاتژمێرێکی دیارکراو کۆتایی بە دڵەڕاوکێی خۆت دەهێنیت، بۆنموونە کاتژمێر سێ، دوای ئەو کاتژمێرە حاڵەتی دڵەڕاوکێ خۆی کۆتایی دەێت و کۆنترۆڵی خۆت دەکەیت و کارەکە ئاسان دەبێت.

٥- راهێنان: رۆژی نمایش لانیکەم بۆ ماوەی (٣٠) خولەك راهێنان بکە، سی خولەك بەپێ هاتووچۆ بکە، هەموو گرژییەك و دڵەڕاوکێیەکەت دەرەوێتەوە و جەستەیەکی گونجاوت بۆ ئامادە دەبێت.

٦- پێبکەنە: سەیری فلیمێکی بەزمەسات بکە، یان گرتە ڤیدیۆییەکی کۆمیدی لە یوتیوب سەیر بکە و لە گەڵ هاوڕێکانت پێبکەنە، چونکە پێکەنین هاوکارە بۆ ئەوەی جەستەیەکی خاو ئامادە بێت کە لە هەموو دەمارگیری و دڵەڕاوکێیەك دوورت بخاتەوە.

٧- زوو ئامادەبوون لە شوێنی نمایش: هەوڵبدە پێش هەموان لە شوێنی نمایش ئامادە بە، لەو کاتەدا هەست بە کۆنترۆڵکردنی هەموو حاڵەتەکان دەکەیت، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانە بێت، لەوکاتەی کە دەگەیتە شوێنەکە هۆڵەکە پڕبووە لە بینەران و هەموویان چاوەڕێی تۆ دەکەن، لەو حاڵەتەدا جۆرە گرژییەك و دڵەڕاوکێیەکت لا دروست دەبێت، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر نواندنەکەت دەبێت، بۆیە ئەگەر زوو گەیشتییە هۆڵەکە کەشێکی هێمن و ئارامت بۆ فەراهەم دەبێت.

٨- لەگەڵ بینەران گفتوگۆ بکە: هەوڵبدە پێش دەرکەوتنت لەسەر شانۆ لەگەڵ بینەران تێکەڵ بیت، بێگومان ئەمەش فاکتەرێکە بۆ ئەوەی جۆرە بەردەوامییەکت پێ ببەخشێت، لە هەمان کاتدا دەشتوانی لە ناو بینەراندا دابنیشیت بێ ئەوەی پێیان رابگەیەنیت کە تۆ ئەکتەری و رۆڵت لە نمایشەکەدا هەیە، ئەوەش لەو کاتانەدا دەبێت کە جلوبەرگی کەسایەتییەکەت لە بەرنەکردبێت، یان ماکیاژت نەکردبێت.

٩- بیر لە کەسی باشی ناو بینەران بکە: لەبری ئەوەی بیر لە جلوبەرگی بینەران بکەیتەوە

بیر لە کەسێك بکەوە لەناو بینەران کە تۆی خۆش دەوێت و هەردەم زۆر بە گەرمی هانت دەدات و لە کۆتایی نمایش چەپڵەت بۆ لێ دەدات.

١٠- خواردنەوەی شەربەتی پرتەقاڵ: بەنیوکاتژمێر پێش نمایش هەوڵبدە هەندێ ئاوی ترشییات یان شەربەتی پرتەقاڵ بخۆیتەوە، چونکە هاوکارتە بۆ ئەوەی پاڵپەستۆی خوێن و دڵەڕاوکێت کەم بکاتەوە.

١١- ئەو گۆرانییە بڵێ کە پێت خۆشە: هەردەم ئەو گۆرانییە بڵێ کە ریتمەکەی هێمنی و ئارامیت پێ دەبەخشێت.

بەم هەنگاوانە ئەکتەر دەتوانێ خۆی لە ترس و دڵەڕاوکێی شانۆیی رزگار بکات، بێگومان لە سەرووی هەمووی ئەوانەی باسمان کرد، باوەڕبەخۆبوونە بەوەی لە هەر حاڵەتیکێدا تۆی ئەکتەر دەتوانی بە باشترین شێوە نواندن بکەیت، ئامادەیت بۆ ئەوەی لە روودانی هەرحاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو تۆی ئەکتەر بە شێوەیەکی راگوزەر چارەسەری بکەیت.

**بۆ ئەم بابەت سوودم لەم سەرچاوە وەرگرتووە:**

**- القلق المسرحي في اداء الممثل المسرحي / محمد فضيل شناوه**

# ئیشواریا رای: سەلمان خان لێیداوم

ئیشواریا رای کە بە جوانترین ئافرەتی جیهان ناسراوە و ساڵی ١٩٩٤ نازناوی شاجوانی جیهانی بە دەست هێناوە، بەم دواییە لە لێدوانێکیدا رایگەیاند کە سەلمان خانی ئەستێرەی ناسراوی بۆڵیۆد لێی داوە و دیمەنی لێدانەکەیشی بەم دواییە بڵاو بۆتەوە، گۆایە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووە.

بەپێی سەرچاوەکان ئەم رووداوە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە هێشتا سەلمان خان و ئیشواریا روویان لە نواندن نەکردبوو و لەسەر ئاستی هیندستان و جیهان ناسراو نەبوون و ئیشواریا سەرقاڵی کاری مۆدێل بوو، ئەم دوو کەسە ماوەی سێ ساڵ پەیوەندییان هەبووە، بەڵام دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ دوای ئەوەی سەلمان خان لێی داوە، جیا بوونەتەوە، وەك لەو دیمەنەدا دیارە کە بەم دواییە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سۆشیال میدیا بڵاو بۆتەوە.

پێشتر لە دیمانەیەکدا ئیشواریا رای دووپاتی کردبۆوە، کە هاوڕێ کۆنەکەی لێی داوە و بەردەوام پەیوەندیی پێوە کردووە و باسی زبڵ و خاشاکی لەگەڵ کردووە، گوتیشی: گومانی هەبوو کە من پەیوەندیم لەگەڵ هەندێك ئەستێرەی دیکەدا هەبێت، بۆیە زۆر جار لێی داوم، بەڵام هیچ جارێك نیشانەکانی لێدانەکەی بەسەر جەستەمەوە دیار نەبووە و منیش چووم بۆ کاری ئاسایی خۆم، بێ ئەوەی باسی بکەم، یان کەسێك هەستم پێ بکات».

لەلایەکی دیکەوە سەلمان خان سەبارەت بەو بابەتە چیرۆکێکی جیاوازی گێڕاوەتەوە و دەڵێت: «من هیچ کاتێك لە ئیشواریام نەداوە، چونکە من ناتوانم لە هیچ کەسێك بدەم، بەڵام خۆمم ئازار دەدا و سەری خۆم بە دیوارەکاندا دەکێشا، ئەگەر ئەو کارەم ئەنجام دابێت واتە هیچ خۆشەویستییەك لە نێوانماندا نەبووە.





# جنیڤەر رووبەڕووی دادگا دەکرێتەوە


خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی (جنیڤەر لۆپێز) مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە بەهۆی بەشداریکردنی لە فیلمی Hustlers کە پاڵێوراو بوو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی گۆڵدن گلۆپ، رووبەڕووی دادگا ببێتەوە».

بەپێی ئەو بەڵگانەی دادگا کە دەست رۆژنامەی The Blast کەوتوون، کۆمپانیاکانی Nuyorican Productions وSTX Entertainment وGloria Sanchez Productions وPole Sisters LLC کە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلمەکەی جنیڤەرن، رەنگە سزا بدرێت بە بڕی ٤٠ ملیۆن دۆلار، ئەویش دوای ئەوەی کە ئافرەتێك بە ناوی (سامانسا بارباس) سکاڵای پێشکەش بە دادگا کردووە و دەڵێ بیرۆکەی کەسایەتی خانمە ئەکتەر رامۆنا لە فیلمەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

رۆژنامەکە ئەوەشی راگەیاندووە کە فیلمەکە باس لە ئافرەتێك دەکات بە ناوی سامانسا کە لە یانەکانی شەوانەی نیویۆرك کار دەکات، بەرهەمهێنەرانی فیلمەکە پەیوەندییان بە بارباش کردووە بۆ ئەوەی دەستبەرداری مافی خۆی ببێت تا دەست بە وێنەگرتنی فیلمەکە بکەن، بەڵام ئەو رازی نەبووە کە واژۆ لەسەر دەستبەرداربوونی لە مافی خۆی بکات، هەروەها کۆمپانیاکە بەوە تاوانبار دەکات کە لە فیلمەکەدا شێوە و روخساری و چیرۆکی ژیانی ئەویان بەکار هێناوە، لە لایەکی دیکەوە فیلمەکە باس لەوە دەکات کە لەگەڵ منداڵێکدا ژیاوە و لە ماڵی خۆیدا کەلوپەلی نایاسایی بەکارهێناوە، بەڵام سامانسا دەڵێ ئەو چیرۆکانە دوورن لە راستییەوە و مایەی شەرمەزارین، بۆیە رازی نەبووە بەوەی لە فیلمەکەدا باس بکرێت، بەڵام بێ ئەوەی رەزامەندیی لەسەر بدات کۆمپانیاکە دەستی بە وێنەگرتنی کردووە.

جێیگا ئاماژە بۆکردنە کە سامانسا داوای بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلار دەکات وەك قەرەبوو و ٢٠ ملیۆن دۆلاریش وەك سزا، هەروەها داوا دەکات کە گشت کۆپییەکانی فیلمەکەی پێ بدەن و بە هیچ شێوەیەك بڵاو نەکرێتەوە.





# جاک ئاژەڵە دەگمەنەکان رزگار دەکات

لیۆناردۆ دیکاپیریۆ کە بە جاك ناسراوە، لە زۆربەی فیلمە جیهانییەکاندا رۆڵی پاڵەوان و رزگارکەر دەبینێت، لە ئێستادا سەرقاڵی کارێکی دیکەی رزگارکردنە لە پێناو پاراستنی ژینگەی جیهان و رووی لە رزگارکردنی ئاژەڵە دەگمەنەکان کردووە.

ماڵپەڕی فەرمیی دەزگای ئۆسکار رایگەیاند کە لیۆناردۆ بڕیاری داوە بڕی (١٥,٦) ملیۆن دۆلار بۆ پاراستن و رزگارکردنی ئاژەڵە دەگمەنەکان ببەخشێت، ئەویش لە رێگای ئەو دەزگا خێرخوازییەی کە بە ناوی خۆیەتی و ئەرکی بریتییە لە رزگارکردنی ژیانی وشکانی لە جیهان، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵە دەگمەنانەی کە مەترسیی لە ناوچوونیان لەسەرە.

لیۆناردۆ لەسەر ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە ئەنستاگرام وێنەی کەنگۆرۆیەکی بڵاوکردۆتەوە کە لە نێو ئاگردا گیری خواردووە، لە پۆستێکدا جەختیشتی لەسەر یارمەتیدانی گەلی ئۆسترالیا کردەوە بۆ کۆتاییهێنان بە کارەساتی ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکانی ئەو وڵاتە و هەڵوێستی نێودەوڵەتییشی بە کەمتەرخەم وەسف بۆ رزگارکردنی ئەو دارستان و ئاژەڵانەی رووبەڕووی کارەساتەکە بوونەتەوە، کە مەترسییەکی زۆر نەك تەنیا لە ئۆسترالیا، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا لەسەر هاوسەنگی دروست دەکات.


لیۆناردۆ هەروەها نووسیویەتی: «ئۆسترالیا دەسووتێ، هاوین بە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما دەستی پێکرد، کە گەیشتە نزیکەی پەنجا پلە، وشکەساڵییش رووی لەو وڵاتە کردووە، ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی نزیکەی نیو ملیار ئاژەڵ و هەزاران خانووی هاووڵاتیان سووتا و چەندین کەسیش گیانیان لە دەست داوە، ئەم ئاگرانە بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی بڕێکی زۆری دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و دووکەڵێکی رەش هەموو ناوچەکە و رووبارە بەستووەکانی نیوزیلەندای داپۆشیوە ئەمەش دەبێتە هۆی زوو توانەوەی سەهۆڵبەندانی جەمسەرەکان، ئەم هەموو کارەساتانە روویانداوە و بەداخەوە هیچ کارێکی سیاسی نێودەوڵەتییشمان نەبینی بۆ رزگارکردنی ئوسترالیا و رێگرتن لە تەشەنەسەندنی ئاگرەکە، تا ئێستاش سەرکەوتوو نەبووین لەوەی بیسەلمێنین کە قەیرانی ژینگەیی و زۆربوونی رووداوە ئاسمانییەکان و کارەساتە سرووشتییەکان پێکەوە بەندن.



ناجی سەلیم:

# گەلان لە ڕێگای سینەماوە پەیامی مرۆڤایەتی و سیاسیی خۆیان بە جیهان دەگەیەنن

سینەماکاران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ڕێگای بەرەوپێشبردنی کارە هونەرییەکانیان هەنگاوی زۆریان ناوە و توانیویانە بەرهەمی جوان پێشکەش بکەن، ناجی سەلیمی لە گوندێکی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، ئەگەرچی بەهرە و حەزی گۆرانیوتنی هەبوو، بەڵام بە سینەما هاتە نێو بواری هونەرییەوە، دوای کارکردن بۆ ماوەیەکی زۆر لە سینەما بووە خاوەنی چەندین فیلم و بەشداریی لە چەندین فیستیڤاڵی سینەماییدا کردووە، لە پاڵ سینەما خەریکی گۆرانیگوتنە و لە یەک کاتدا ژمارەیەک گۆرانیشی تۆمار کردووە کە لە دوو بەرهەم پێک دێن و بڕیار وایە بەم نزیکانە بڵاویان بکاتەوە.



دەربارەی جیاوازیی نێوان کورتە فیلم کە ئێستا زۆربەی سینەماکارە کوردەکان روویان تێ کردووە لەگەڵ فیلمی درێژ، ناجی ئەمە بە کارێکی ئاسایی دەزانێت و دەڵێت: «بێگومان فیلمی درێژ ئەرك و ماندووبوون و خەرجییەکی زۆری پێویستە، ئەمەش رەنگە بۆ بارودۆخی سینەماکاری کورد تا رادەیەکی زۆر سەخت بێت، هەروەها دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە کارکردن لە کورتە فیلمدا بۆ سینەماکاران وەك ئەزموونێکی باش دەبێت، دوای کارکردن لە چەند فیلمێکی کورتدا ئامادەیی باشیان دەبێت بۆ ئەوەی لە فیلمی بەرزدا کار بکەن، هەرچەندە کورتە فیلمیش کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەرهێنەر پێویستە لە ماوەی چەند خولەکێکدا و بە ژمارەیەکی زۆری ئەکتەرەوە پەیامی خۆی بە تەواوەتی بگەیەنێت و ئەو کێشەیەی کە مەبەستیەتی بیخاتە روو و چارەسەریشی بۆ بدۆزێتەوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە چەند ساڵی رابردوودا بواری کورتە فیلم لە کوردستان پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە و سینەماکارە کوردەکان کاری جوانیانی پێشکەش کردووە، ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە کە لە ئێستادا لە بواری ئەنیمەیشنیش لە کوردستان کاری زۆر جوان پێشکەش دەکرێت کە لە بۆنە نێودەوڵەتییەکانیشدا خەڵاتیان بەدەست هێناوە و پەرە بە کارەکانیان دەدەن.

ناجی دەربارەی ئەو پەیامەی کە دەیەوێ لە رێگەی سینەماوە بیگەیەنێت دەڵێت: «من لە منداڵییەوە حەز و خولیای سینەما لە ناخمدا هەبوو، ئەوەی زیاتر هانیدام ئەوە بوو کە خانەوادەکەم رێگرییان لێ نەکردم و بوونە هۆی ئەوەی لەو بوارەدا زیاتر خۆم ماندوو بکەم، هەروەها سەبارەت بە گرنگیی سینەماش ئێستا ئێمە دەبینین لە جیهاندا سینەما بە یەکێك لە بەرزترین و کاریگەرترین هونەر دادەنرێت، زۆربەی گەلان و وڵاتە پێشکەوتووەکان لە رێگای سینەماوە پەیامی مرۆڤایەتی و سیاسیی خۆیان دەگەیەنن و دەیانەوێ سەرنجی جیهان بۆ کێشەیەك رابکێشن، مێژووی ئێمەی کورد پڕیەتی لە بابەتی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیی جۆراوجۆر کە هەر یەکیان بابەتێکی سینەمایی سەربەخۆن، ئەگەر بتوانین سوودیان لێ ببینین، بەتایبەتی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانین کێشەکان بخەینە روو، لە هەمان کاتدا چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە».

ناجی یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە سەرەڕای سەختی کارەکان لە سینەماوە رووی لە گۆرانیگوتن کردووە، بەڵام ئەو پێی وایە بۆ کارێکی زۆر ئاساییە کە لە هەمان کاتدا لە هەردوو بواری سینەما و گۆرانیدا کار بکات، لەو بارەشەوە دەڵێت دەڵێت: «هەر لە منداڵییەوە هەستم دەکرد کە خودای گەورە بەهرەی دەنگخۆشیی پێ بەخشیوم، بۆیە وەك حەزێك بوو بۆ من و هەمیشە بەدوای ئەو دەرفەتەدا دەگەڕام کە بتوانم وەك گۆرانیبێژێك خۆم ببینمەوە، لە هەمان کاتدا من وەك سینەماکارێك هاتمە نێو بواری هونەرییەوە، بۆیە بۆ من کارێکی ئاساییە، چونکە زۆر جار گۆرانی و موزیك بە ناسنامەی هەر نەتەوەیەك دادەنرێن وپێی دەناسرێتەوە و گۆرانیی هەر نەتەوەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام سینەما هونەرێکی جیهانییە و هەرچەندە هەر نەتەوەیەك هەوڵ دەدات مۆرکی خۆی پێوە دیار بێت و بە فیلم گوزارشت لە مێژوو و کەلتووری خۆی بکات، بەڵام لە رووی تەکنیکەوە سینەمای هەموو نەتەوەکان زۆر شتی هاوبەشیان هەیە، بۆ من لە جیاتی ئەوەی یەکیان ببێتە رێگر لە بەردەم بوارەکەی دیکە و کاریگەریی سلبییان لەسەر من هەبێت، رەنگە ببێتە هۆکاری ئەوەی بتوانم پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم لە هەردوو بوارەکە و یەکیان ئەویتر تەواو بکات».

دەربارەی بابەت و ناوەرۆکی کورتە فیلمەکانی، ناجی ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵگەی کوردەواری بابەتگەلێکی زۆری تێدایە کە رۆژانە دووبارە دەبنەوە و بابەتی گرنگن بۆ سینەما، بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتییەوە، بۆئەم مەبەستەش گوتی: « کۆمەڵگای کوردەواری و مێژووی کوردی پڕە لە بابەتی گرنگ بۆ سینەما ئەگەر بتوانین وەك سینەماکار سوودی لێ وەربگرین، بەتایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لەوانەش کێشە و ئاریشەکانی ئافرەتی کورد، چونکە تا ئێستا زۆر لە کێشەکانی ئافرەتان پێویستیان بە چارەسەر هەیە، تا ئێستاش ئافرەتی کورد لە هەموو پارچەکان بە پشت بەستن بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان دەکوژرێن، یان خۆیان دەسووتێنن، ئەمانەش بابەتی گرنگن بۆ ئەوەی لە سینەمادا کاریان لەسەر بکەین و سینەما بکەین بە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، تاکو کۆمەڵگە دووربێت لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و ئافرەتیش لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە رۆڵی خۆی ببینێت، نەك بە کێشەیەك دابنرێت لە نێو کۆمەڵگە».

بەشێکی زۆری کارەکانی ناجی سەلیمی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کراون و ناسراون، وەك خۆی دەڵێت: «بێگومان لە چەند ساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان گۆڕەپانێکی گرنگ و سەرەکی بووە بۆ گشت سینەماکارانی کورد لە هەموو پارچەکان لە بەرهەمهێنانی فیلم و یارمەتیدانی سینەماکاران و بوار پێدانیان، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین ئەکتەر و بەرهەمهێنانی سەدان دەیان فیلم کە بەشێکی زۆریان خەڵاتی نێودەوڵەتییشیان بەدەست هێناوە، بەڵام لەگەڵ قەیرانی ئابووری و هێرشی تیرۆریستانی داعش تا رادەیەکی زۆر ئەم پێشکەوتنە وەستا، هیوادارم بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە هەموو روویەکەوە ئاسایی ببێتەوە و هەرێمی کوردستان ئەو پێگە هونەرییەی خۆیی بۆ بگەڕێتەوە.

